حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ٢٣٩٧٦ / ك
العدد:

(ISO 9001:2015)

ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی
التأريخ: ٢٠ / ٨ / ٢٠٢٤

## بەیانی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٢٤
## هێنانەکایەی گوندی (کەنداله سور)

ئاماژە بە هەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٨١٣ له ٢٠٢٤/٥/٢٣ ) و (٤٣٠٨ له ٢٠٢٤/٨/٤) و نووسراومان ژمارە (١٧١٨٧ له ٢٠٢٤/٦/٢٣) و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی.

**بڕیارماندا بە:**

**یەکەم :** هێنانەکایەی گوندی (**کەنداله سور**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێ ی ماددەی یەکەم/٦ له ڕێنمایی سەرەوە له ناحیەی ڕوڤیا له سنوری قەزای بەردەڕەش له پارێزگای دهۆک بە **ڕووبەری (٢٥دۆنم) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١/١) کەرتی (٨٨/دولیجان بچوک)** وەک له نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک له سەرەوە هاتووە و له ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٦٧٧٨) له ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/١٤ و له ڕۆژنامەی ئەڤرۆ ژمارە (٣٥٥١) له ٢٠٢٤/٧/١٤ بڵاوکراوەتەوە بەپێ ی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم :** ئەم بەیانە له ڕۆژی بڵاوبوونەوەی له ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ :

- گشت وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت / بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- وەزارەتی شارەوانی و گەیشت و گوزار/ هاوپێچ نەخشەی سۆفت و کوردینەیت (CD) لەگەڵ ڕێزدا
- پارێزگای دهۆک/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا .
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق العنوان: إقليم كوردستان-العراق Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd ژ.تەلەفۆن:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢ www.moi.gov.krd